www.kurdistannet.org

بسم الله الرحمن الرحيم

## روونكردنەوەیەك  لە مەكتەبی سیاسی یەكگرتووی ئیسلامی كوردستانەوە

چەند رۆژێك لەمەوبەر بڵاوكراوەی ( هەواڵ )لە ژمارەی ( ٥٥ ) رۆژی ( شەممە)بەرواری  (٢٠٠٣/١١/١) هەواڵێكی بە مانشێتی گەورە بڵاو كردەوە گوایە (یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان)یش مەلەفی هەیە ، هەواڵەكە پشت  بە نوسراوێكیدەست نووس دەبەستێت كە تیایدا هاتووە :

دەزگای ئەمنی گشتی عێراقی رەزامەندی خۆی نیشانداوە بە پێدانی پاساپۆرتی عێراقی لەسەفارەتی عێراق لە ئەنقەرە بەبەرێز (ئەمینداری گشتی و چوار ئەندامی مەكتەبی سیاسی) یەكگرتوو .

سەرەتا پێویستە ئەوە بیر هەموو لایەك بخەینەوە كە رژێم زیاتر لە ساڵێك پێش روخانی  رایگەیاندبوو كە هەر هاووڵاتیەكی عێراقی بەدەر لە ئینتما و هەڵوێستی دەتوانێت بۆ وەرگرتنی یان تازە كردنەوەی پاساپۆرتی سەردانی سەفارەتەكانی عێراق بكات ، پاساپۆرتی نوێی بۆ دەردەكرێت .

بۆیە ئێمەش لەو رێگە ئا ساییەوە ئەو پاساپۆرتانە مان  نوێ كردەوە  كە كاتیان بە سەر چووەبوو..ئەمەش كارێكی ئا شكرابووە و پاساپۆرتەكان لە هەموو خاڵەكانی سنوردا پیشان دراوون و ناسراون .. ئیتر لەمیانەی ئەنجام دانی ئەم كارە دا سەفارەتی عێراق پەیوەندی بەهەر دەزگایەكی سەروی خۆیەوە كردبێ و چی وتبێ و چۆن وەڵام دراوەتەوە ، و ڕای خۆیان چۆن دەربریوە ئەوە قسە و ڕای رژێمە و ئێمە لێی بەرپرس نین ، ئەمە ناوەرۆك و حەقیقەتی مەسەلەكەیە ، سەرەرای ئەمەش پێمان باشە بۆ زیاتر بەرچاو رۆشنی جەماوەر و لایەنە  سیاسییەكان  و ئەندام و لایەنگر و دۆستانی یەكگرتوو ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینە پێش چاو :

١- هەمو لایەك فایلی دژایەتی رابردووی (هەواڵ) و پێشتریش (رۆژنامەنوس) بەرامبەر بە یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان دەزانێت بۆیە بابەتی ئەم جارەیش غەریب نیە .

٢- لە بارودۆخێكی شپرز و لەبەریەك هەڵوەشاوە و بێ سەرو بەری دوای روخانی رژێم كە كەل و پەل و كلێشە و مۆر و نوسراوی دام و دەزگاكانی رژێم كەوتووەتە دەست هەموو كەس ، دەشێت لەو مۆروكلێشانە هەر شتێكی تری پێ دروست بكرێت .. ! زۆر و كەم ئێم ە لێی بەرپرس نین .

٣- هەموو جەماوەری خەڵكی كوردستان و لایە نە سیاسی یەكان شاهێدی كارو رەفتاری سیاسی چەند ساڵەی رابردووی یەكگرتوون ، كە ئێمە تەرەفێك نەبووین لەشەرە جۆراو جۆرەكانی ناوخۆدا  ولایەنێكی چەكداریش نە بووین تا پێویستمان بە  چەك و كۆمە كی رژێمی عێراق  یان هەر هێزێكی تر هەبوو بێ، وە

www.kurdistannet.org

ئەوەندەش گوشار و زەبر و زەنگمان لەسەرنە بووە لە کوردستاندا تا ناچاری پەنابردنەبەر رژێم بووبین .

٤- شتێکی سادە و سروشتیە کە رژێم مەلەفی بۆ هەموو هێز و لایەنە کوردستانیەکان کردبێتەوە ، لەنێو ئەوانەشدا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ، کە حزبێکی خاوەن سەنگ و قورسایی خۆیەتی و نوێنەری بەشێکە لە جەماوەری کوردستان ، ئێمە بەرپرس نین لەوەی رژێم مەلەفی بۆ ئێمە کردبێتەوە و چۆنمان وەسف بکات و چیمان پێ بڵێت و چۆن ئەندامانمان هەڵسەنگێنێ و بروانێتە بەرنامە و مەنهەجمان .

٥- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان وە ك حزبێکی سیاسی کوردستانی ،خۆمان بە بەرپرس و خەمخۆری کێشەی رەوای گەلەکەمان و ئەزموونەکەو دەستکەوتەکانی زانیوە و هیچ پەیوەندی و گفتوو گۆیەکمان لە سەر حسابی کێشە نەتەوەیی ونەگۆرە ئیسلامیو نیشتمانیەکانمان نەبووە و نییە.

٦- ئێمە لای خۆمانەوە ،جەماوەرەی کوردستان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی یەکگرتوو دڵنیا دەکەینەوە کە لە خۆمان و ئەندامانی سەرکردایەتی و کادێرانمان دڵنیاین ، و پرو پاگەندەی بێسەر و بەرناتوانێت لەکەدارمان بکات. ! !

٧- سەرباری ئەمانەش ئێمە لەیەکگرتوو دا پێمان وایە کەبەم شێوە سەرپێیی و نامەسئولانەیە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە ( فایلەکان ) هەستیار ەدالەسەر روپەرەی رۆژنامە و بۆ تصفیە حساباتی سیاسی و حزبی و لەکەدارکردن و تیرۆر کردنی کەسایەتی و خەڵك و لایەن ، کارێکی ناشایستە یە و دورە لەرەوشی بابەتیانەی چارەسەرکردن ، بەڵکو دەبێت رێگای یاسایی و بریاری پەرلەمان بگیرێتە بەر بۆ چارە سە ر کردن و یە کلا کردنەوەی فایلەکان.

**مەکتەبی سیاسی**

**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

3/1/2003